# سەبارەت بە "هۆڵی پێشەوا" و ٢٢ هەمین ساڵی ڕزگاربوونی خەڵک لە دەست ئایەتوڵا خومەینی

هەمووان ئاگادارن کە ئەوە ٣ ساڵە یادی مردنی ئایەتوڵا ڕۆحوڵا خومەینی، بکوژی گەلی کورد و گەلانی ئێران و یەکێک لە هەرە کۆنەپەرسترین و دڕندەترین لە نوێنەرایەتی داگیرکەریی لە کوردستان، لە هەولێر لە "هۆڵی پێشەوا" بەڕێوە دەچێت.
ئەم کارە تا ئێستا بووە بە هۆی ناڕەحەتکردنی کوردستانیان چونکە دەتوانرێت وا ڕوون بکرێتەوە کە بەو شێوە بێڕێزی بە پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی و سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەکردرێت. ئێران لانی کەم دەیەوێت ئەو دەستکەوتەی بۆ ئەو تێدا بێت کە دڵی ڕۆژهەڵاتیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بئێشێنێت.
ئێمە تێ دەگەین کە هەر لایەنێک دەتوانێت هۆڵێک بە کرێ بگرێت و بۆ چالاکیی خۆی بەکاری بهێنێت. بەڵام هەمووانیش دەزانن کە خومەینی یەکێک بوو لە نوێنەرانی باڵادەستی حکومەتی ئێران و قازی و هاوڕێیانیشی تێکۆشەرانێک بوون کە بە بەرچاوی جیهانەوە تەنها لە بەرئەوەی ڕابەری کورد بوون و کە ملهوڕیی و ستەمی داگیرکەریان قبوڵ نەبوو، لە سێدارە دران.
هاوکات هەمووان دەزانن کە دەوڵەتی ئێران خودئاگا و بەرنامەڕێژ ئەو کارە دەکات، چونکە دەزانێت کە لە ڕووی سیاسییەوە کوردستانیان ناڕەحەت دەکات و بە شێوەیەک ناتەبایی و قسەی ناپێویست دەهێنێتە ناو ڕیزی کوردان.
لەبەرئەوە جێی خۆیەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە کوردستان ئەو زەحمەتە بفەرموێت کە ناوی "هۆڵی پێشەوا" بگۆڕدرێت بە ناوێکی دیکە.
ئەگەرچی لە سەرەتادا ئەو ناوە حەتمەن بە مەبەستی باش و دڵپاکییەوە دانراوە، بەڵام لەوە دەچێت بە داخەوە ئێستا نە هەر قازانج نەگەیەنێت، بەڵکو زیانیش بگەیەنێت.
وەزارەتی ڕۆشنبیریی یان حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن ناوی پارکێک، خوێندنگایەک، شەقامێک یان شتێکی لەو شێوە بە مەبەستی بەرزراگرتن و نەمریی ناوی پێشەوا و هاوڕێیانی بنێن. یاخود بۆ نموونە پەیکەرێک ساز بکەن کە دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. گرینگ ئەوەیە کە هێمایەک بۆ ئەو مێژووە لە سەربەرزیی و شانازیی هەبێت و شتێکیش بێت کە دوژمن نە توانێت وا بە هاسانی کەڵکی بەرئاوەژووی لێوەربگرێت.
ئێمە دڵنیایین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان هەر وەزارەتێکی دیکە بە مەبەستی ڕێزگرتن لە هێمایەکی نەتەوەیی ئەو کارە و شێوەی ئەو کارە دەکەن، بەڵام هەمووانیش دەزانن کە حکومەتی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە و دەدات کە سوود لە هەر شێوە کارێکی چەواشە بۆ لێدان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی کوردستان وەربگرێت، بەڵام خۆشبەختانە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە و نەشیتووانیوە بە کاری لەم چەشنە بچووکترین زیان لە گەورەیی و سەربڵندیی پێشەوا یا هەر شەهیدێکی دیکەی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بدات.
بە هیوای ڕێگانەدان بە پوازی دوژمنان و داگیرکەران لە ناو ڕیزەکانماندا و بە ڕێگرتن لە پیلانی ناحەزان و داگیرکەران.

**٢٢ هەمین ساڵی مردنی خومەینی سووک و ڕیسوا بێت!**
**سەربڵند و هەمیشە زیندووە خەباتی کوردستانیان بۆ سەربەخۆیی و سەرفەرازیی**

کۆمەڵە - پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان

٢٠١١/٦/٣